# ڕێبەری پێنجەم – وانەی یەکەم

| | |
|---|---|
| ١ | نوێژ |

**رابەری کۆمەڵەکە :** نوێژ بکە و کۆمەڵەکەت تەرخان بکە بۆ پڕۆگرامەکانی ئەم ڕاهێنانەی بونیادنانی کلێسای مەسیح .

| | |
|---|---|
| ٢ | بەشداریکردن { ٢٠ خولەك } ئینجیلی مەرقۆس |

بە نۆرە بەشداری بکەن و ( بڕواننە پەڕاوی تێبینیەکانتان ) ئەوەی لە خەڵوەتتان لەگەڵ خودا فێری بوون لەبارەی ئەو بەشەی کە دیاری کراوە بۆتان ( مەرقۆس ١: ١-٤ : ٢٠ ) .

| | |
|---|---|
| ٣ | لەبەرکردن (٥ خولەك ) هاوشێوەبوونی مەسیح ٢ کۆرنسۆس ٣: ١٨ |

زنجیرەی پێنجەم لە ئایەتەکانی لەبەرکردن لەبارەی کەسێتی باوەڕدارە بە مەسیح وە ناونیشانی پێنج ئایەتی لەبەرکردنەکە ئەمانەن : هاوشێوەبوون یاخود وێنەدانەوەی مەسیح ، پاکی ، خۆشەویستی ، باوەڕ ، ساکاری .
بە شێوەی گروپی دوانەیی ( دوو باوەڕدار پێکەوە ) **تیاڕامان و لەبەرکردن و پێداچونەوە** بکەن ، وێنەدانەوەی مەسیح ٢ کۆرنسۆس ٣: ١٨ .

| | |
|---|---|
| ٤ | فێرکردن (٨٥ خولەك ) یادی لەدایکبوونی مەسیح |

پێشەکی : کریسمس یان یادی لەدایکبوونی مەسیح جەژنی باوەڕدارانە تیایدا ئاهەنگ دەگێڕین بە بۆنەی یادی لەدایکبوونی مەسیح . دواجار ئەوە فێردەبین وەك چۆن کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات و باسی هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح دەکات بۆ جیهان . وە هەروەها ئەوە فێردەبین کە چۆن پێغەمبەرانی پەیمانی کۆن پێشبینی هاتنی یەکەمی خوداوەندیان کردوە و

پاشان ئەوە دەبینین چی ڕویدا کاتی لەدایکبوونی عیسا لەسەر زەوی ، وە ئەوە دەبینین کە هۆکاری گرنگی هاتنی بۆ جیهان چی بوو سەبارەت بە ئێمە .

**أ – کۆنترین مێژووی مرۆڤایەتی باس لە یەکەمین بەڵێنی خودا دەکات لەگەڵ مرۆڤ**

یەکەمین بەڵێن لە کتێبی پیرۆزدا لە پەیدابوون ۳: ۱۵ .
کاتێ هیچ گوناهێك لەسەر زەوی نەبوو ، ڕۆحی خراپەکار لە شێوەی مار بۆ ئادەم و حەوا دەرکەوت .
لەمبارەیەوە ئاشکرایە کە ڕۆحی خراپەکار لە پشت مارەکەوە خۆی شاردبۆوە . ئەم ڕۆحە خراپەکارە ناوی لێ نرا ( ئیبلیس ) ، ئەم وشەیە لە ڕوی زمانەوانیەوە واتە سکاڵاکەر یاخود شەیتان هەروەها واتە دوژمن یان تەنانەت ( ئەژدیها ) بینین ۱۲: ۹ . شەیتان ئادەم و حەوای لە خشتە بردو وایلێکردن یاخی بن لە ڕاسپاردەکانی خودا ، بەو هۆیەشەوە لە دۆخی پاکی و بێگەردی ساتمەیان کردو کەوتنە نیو دۆخی گوناهەوە .
خودا ئادەم و حەوای سزا داو پێیانی فەرموو ئیدی دوژمنایەتی و ململانێی بەردەوام دەبێت لە نێوان نەوەی شەیتان واتە ڕۆحە خراپەکارەکان و کەسایەتیە خراپەکارەکان کە لە ڕیزی شەیتانن وە نەوەی ژن واتە ئەو کەسانەی کە لە ڕیزی خودان . وە لە ئایندەدا ، یەکێکك لە نەوەی ژن سەری شەیتان پان دەکاتەوە هەرچەندە شەیتان ئازاری زۆری پێ دەگەیەنێ . بەمەش ، خودا ئەو هاوڕێیەتیە کارەساتبارەی نێوان مرۆڤی سەرەتاو شەیتانی گۆڕی بە دوژمنایەتی .
خودا باسی ململانێی بەردەوامی نێوان شەیتان و نەوەی مرۆڤی کرد و ئاماژەی بە سەرکەوتنی کۆتایی کرد ! لە ژێر ڕوناکی ڕاگەیاندنی پەیمانی نوێ ، ئێمە دەزانین کە ئەم ململانێیە ، ململانێی نێوان شەیتان و عیسای مەسیحە . لە پەیمانی کۆندا مەسیح ئازار دەچێژێ لە ڕێگەی گەلەکەیەوە ، دواتر لە ڕێگەی جەستەیەوە لەسەر خاچ . بەڵام لە کۆتاییدا مەسیح سەرکەوت لە پانکردنەوەی شەیتان .

**( ب ) مێژووی پەیمانی کۆن باسی ئەو ململانێیەمان بۆ دەکات کە ئامانج لێی پەکخستنی بەڵێنی خودا بوو**

**١- ململانێ لە ئادەم تا دەگاتە نوح بەشێك بوو لە ململانێی نێوان شەیتان و مەسیح .**

خودا هەر لە سەرەتاوە یەكەمین بەڵێنی ڕزگاری بە پیاوی یەكەم و ژنی یەكەم دا ( ئادەم و حەوا ) . ئەوەتا كەسێك لە دایك دەبێت لە ژنێك سەری شەیتان پان دەكاتەوە ( پەیدابوون ٣: ١٥ ) . لە سەرەتادا ئادەم و حەوا تەنها دوو كوڕیان بوو: قایین و هابیل ، ئەوە بوو قایین ئیرەیی برد بە هابیلی برای و توڕەبوو، هابیلی كوشت ( پەیدابوون ٤: ١- ٨ ) . لێرەدا وا دەردەكەوێ كە شەیتان هەوڵی داوە نەوەی مرۆڤ لەناو بەرێ تاكو ڕێگری بكات لەو بەڵێنی ڕزگاریەی كە بە ئادەم و حەوا درا لەلایەن خوداوە . بەڵام خودا ڕۆڵەی دیكەی بەخشی بە ئادەم و حەوا ( پەیدابوون ٥: ١- ٥ ) . پلانی خودا بەو شێوەیە بوو كە كوڕی سێ یەمی ئادەم و حەوا ( شیت ) ئەو كەسە بێ كە لەڕێگەیەوە بەڵێنەكەی بۆ ڕزگاری بێتە دی (پەیدابوون ٥: ٦ – ٣٢ ) . وە بەهۆی گەشەی بەردەوامی ڕەگەزی مرۆڤ ، بەڵێنەكەی خودا بۆ ڕزگاری لە ڕێگەی كەسێكەوە كە لە ڕەگەزی مرۆڤ لەدایك دەبێ وەك خۆی بە كارایی مایەوە !

دوای ساڵانێكی دورودرێژ ، زەوی پڕ بوو لە خەڵك. لەگەڵ ئەوەی ئادەم وحەوا خودای زیندویان بە ڕۆڵەكانیان دەناساند ، بەڵام وەچەكانی دوای ئەوان وردەوردە لە خودا دوور دەكەوتنەوەو زیاترگەندەڵ دەبوون . ( ڕۆڵەكانی خودا ) كوڕانی شیت ئەوانە بوون لەگەڵ خودا بوون و بە ڕێگەی خوداوەندا دەڕۆیشتن بەڵام ( كچانی خەڵكی ) وەچەی قایین ئەوانە بوون شوێنكەوتەی مرۆڤ بوون . بەم شێوەیە باوەڕداران دەستیان كرد بە ئەنجامدانی هاوسەرگیری لەگەڵ بێباوەڕان ( پەیدابوون ٦: ١- ٤ ؛ هەروەها بڕوانە وتەكان ٧: ١- ٤ ؛ ٢ كۆرنسۆس ٦: ١٤ ). لە ئەنجامی ئەمەدا خراپە زۆر بوو لەسەر زەوی ( پەیدابوون ٦: ٥- ٧ ، ١١- ١٣ ) . لەبەر ئەوە خودا بڕیاری دا كە ڕەگەزی مرۆڤ لەناو بەرێ بە لافاو . جارێكی تر وا دەردەكەوێ كە شەیتان سەردەكەوێ لە ڕێگەی لەناوچوونی ڕەگەزی مرۆڤایەتی و بەڵێنی ڕزگاری . بەڵام لەوبارەیەوە یەك پیاوی دیكە لەسەر زەوی ڕەزامەندی خودای بەدەستهێنا . ئەویش نوح بوو كە دۆستی خودا بوو ، نوح بێ كەموكوڕی بوو پیاوچاك بوو ، لەبەرچاوی یەزدان ڕەزامەندی

به دەستهێنابوو( پەیدابوون ٦: ٨- ٩) . ئەوەبوو خودا نوح و خێزانەکەی ڕزگارکرد لەو کاولکاریەی کە لافاوەکە دروستی کرد ( پەیدابوون ٦: ١٤؛ ٨: ٢٢). بەم شێوەیە مانەوەو بوونی ڕەگەزی مرۆڤ بەردەوام بوو ، وە بەڵێنی خودا بۆ ڕزگاری لە ڕێگەی کەسێکەوە کە لە ڕەگەزی مرۆڤ لەدایك دەبێت وەك خۆی مایەوە .

## **٢- ململانێ لە نوح تا دەگاتە یەهودا بەشێك بوو لە ململانێی نێوان شەیتان و مەسیح .**

لە سەدەی بیست و یەکی پ . ز ، خودا بەڵێنی هاتنی ڕزگارکاری دا بە ئیبراهیم و سارا . بەڵێنی پێدان و فەرمووی بەرەکەتدارتان دەکەم و نەوەکانت هێندە زۆر دەکەم وەك ئەستێرەکانی ئاسمان و وەك لمی کەناری دەریا هەروەها فەرمووی : هەموو نەتەوەکانی سەر زەویش بە هۆی تۆوە بەرەکەتدار دەبن ( پەیدابوون ١١: ٢٦- ٣٢ ؛ ١٢: ١- ٣ ؛ ١٥: ٥ ؛ ٢٢: ١٧- ١٨ ). لە ڕوانگەی مرۆڤەوە ئەم بەڵێنە ناکرێ بێتە دی چونکە ئیبراهیم و سارا زۆر بەساڵاچوو بوون و پیر بوون وە سارا نەزۆك بوو . جارێکی تر وا پێ دەچوو کە شەیتان سەرکەوتوو دەبێت . بەڵام کاتێ ئیبراهیم تەمەنی بوە سەد ساڵ ، خودا کوڕێکی بە ساراو ئیبراهیم بەخشی و ناویان نا ئیسحاق ( پەیدابوون ٢١: ١- ٧) ! بەمەش بەڵێنی خودا بە هاتنی ڕزگارکار بەردەوام بوو !

دواتر خودا بەڵێنی هاتنی ڕزگارکاری دا بە ئیسحاق ( پەیدابوون ١٩: ١٧؛ ٢٦: ٤) ، بەڵام ژنەکەی " رفقە " ئەویش هەروەها نەزۆك بوو ( پەیدابوون ٢٥: ٢١ ) . جارێکی تر وا دەردەکەوت کە شییتان سەرکەوتوو دەبێت . بەڵام ئیسحاق نوێژی کردو لە خودا پاڕایەوە ، ئەوە بوو خودا دوو کوڕی پێ بەخشین ئەوانیش عیسۆ و یاقوب بوون . پاشان خودا بەڵێنی هاتنی ڕزگارکاری دا بە یاقوب ( پەیدابوون ٢٨: ١٣- ١٤) ، بەڵام عیسۆی برای ویستی بیکوژێ چونکە یاقوب بە فێڵ بەرەکەت و نوێنەرایەتیەکەی لێ دزیبوو ( پەیدابوون ٢٧: ٤١ )، جارێکی تر وا دەردەکەوت کە شەیتان سەرکەوتوو بێت و ڕێگر بێت لە وەدیهاتنی بەڵێنی خودا . بەڵام خودا بۆ خۆی بەڵێنی دا بە یاقوب کە دەیپارێزێ بۆ هەر کوێ بڕوات ( پەیدابوون ٢٨: ١٥) . لەبەرئەوە یاقوب توشی کوشتن نەبوو وە بەڵێنی خودا بۆ ڕزگاری بەردەوام بوو !

دواتر خودا بەڵێنی هاتنی ڕزگارکاری دا بە یەهودا ( یەکێك لە کوڕەکانی یاقوب ) . خاوەندارێتیەکە نەچوە دەرەوەی چوارچێوەی هۆزی یەهوداو لەو هۆزە دانەبڕاو هەر وەك خۆی مایەوە . وە ئەو ڕزگارکارە چاوەڕوانکراوە دەبێتە پادشا و ڕۆژگارێ دێت هەموو گەلانی جیهان ملکەچ دەبن بۆی ( پەیدابوون ٤٩: ١٠؛ هەروەها بڕوانە ئیشایا ٤٥: ٢٢- ٢٣ ؛ فیلیپی ٢: ٩- ١١).

## ٣- ململانێ لە یەهودا تا دەگاتە موسا بەشێك بوو لە ململانێی نێوان شەیتان و مەسیح .

لەماوەی نێوان سەدەی پازدەهەم و حەڤدەهەمی پ.ز، نەوەی یەهودا بەردەوام بوون لە دەستکەوتی بەڵێنی هاتنی ڕزگارکار . لەبەرئەوەی شەیتان دۆڕابوو لە تێکشکاندنی باوکانی سەرەتا ( ئیبراهیم و ئیسحاق و یاقوب ) ، دوژمنایەتیەکەی گواستەوە بۆ نەوەی ئیسرائیل ئەوانەی لە ڕەچەڵەکی یاقوب بوون ( پەیدابوون ٣٢: ٢٨ ) . وە بە پێی پلانی خودا ڕزگارکار دەبوو لە نەوەی ئیسرائیل بایە ( یۆحەنا ٤: ٢٢) .
لە خاکی میسر گەلی ئیسرائیل ژمارەیان زۆر . کاتێ سیپارەی دەرچوون دەخوێنینەوە دەبینین چۆن پادشای میسر فەرمانی کرد بە کوشتنی هەموو منداڵە نێرینەکانی گەلی ئیسرائیل ( دەرچوون ١: ٧- ٢٢) . جارێکی تر وا دەردەکەوت کە شەیتان دەتوانێ سەرکەوتوو بێت لە فەوتان و لەناوبردنی " نەوەی ژن ". بەڵام خودا موسای ڕزگار کرد لە ستەم و توندوتیژی فیرعەون ، دواتر بانگی کرد بۆ ڕزگارکردنی نەوەی ئیسرائیل لە میسرەوە بۆ خاکی بەڵێن ( دەرچوون ٣: ١- ١٢) .
لە کاتی کۆڕەویاندا لە نێو دەشتایی بەرەو خاکی بەڵێن چەندین جار نەوەی ئیسرائیل دەکەوتن و شکستیان دەخوارد و دەکەوتنە ناو تەڵەی پەرستنی بتەکان . ئەوەبوو گوێرەکەیەکی ئاڵتونیان دروست کردو دەیانپەرست ( دەرچوون ٣٢: ١- ٦ ). خودا زۆر توڕەبوو لێیان تەنانەت ویستی هەمویان لەناوبەرێت جگە لە موسا ( دەرچوون ٣٢: ١٠ ). جارێکی تر وا دەردەکەوێ کە شەیتان سەرکەوتوو دەبێ لە فەوتان و لەناوبردنی "نەوەی ژن" . بەڵام موسا پاڕایەوە لە خوداو قوربانی پێشکەش کرد لە پێناوی نەوەی ئیسرائیل خوداش گوێی لە نوێژەکانی گرت ، دەبینین موسا لێرەدا هێمایە بۆ قوربانیەکی مەزن کە

عیسای مەسیحە و ژیانی خۆی دەکاتە قوربانی لە پێناوماندا ( عیبرانیەکان ٧: ٢٥- ٢٨) !

**٤- ململانێ لە موساوە تا دەگاتە داود بەشێك بوو لە ململانێی نێوان شەیتان و مەسیح .**

لە سەدەی یازدەهەمی پ. ز ، خودا بەڵێنیدا بە داود بە هاتنی مەسییای پادشا ، داود لە نەوەی هۆزی یەهودا بوو . لە پوختەی مێژووی یەکەمدا ١٧: ١١- ١٤ خودا بەڵێنی دا پاشایەتی ببەخشێ بە یەکێك لە نەوەکانی داود . وە ئەم پادشایەی ئایندەیە "ماڵی خودا" دروست دەکات و بونیاد دەنێ ، بڕوانە ( ٢ کۆرنسۆس ٦: ١٦؛ ئەفەسۆس ٢: ٢٠- ٢٢؛ ١ پەترۆس ٢: ٤- ٦ ، ٩- ١٠). وە خوداش خاوەندارێتی خۆی تاهەتایە دەچەسپێنێ ( بڕوانە ئیشایا ٩: ٧؛ مەتتا ١٢: ٢٨؛ بینین ١٧: ١٤؛ ١٩: ١٦). وە خودا باوکێتی و ئەویش کوڕی ( ٢ سامۆئیل ٧: ٤؛ هەروەها بڕوانە زەبورەکان ٢: ٧؛ عیبرانیەکان ١: ٥ ). هەروەها یەرمیا ٢٣: ٥ "ئەوەتا سەردەمێك دێت ، هەڵدەستم بە دانانی وەچەیەکی ڕاستودروست بۆ داود ، پادشایەك بە دانایی پاشایەتی دەکات، ڕاستودروستی و دادپەروەری لە زەویدا پەیڕەو دەکات " . لەبەرئەوەی خودا ئەم بەڵێنەی بە داود دابوو ، شەیتان هەوڵی دەدا داود لەناوبەرێ . دوو جار شاولی پادشا هەوڵی دا بە ڕمەکەی داود بکوژێ بەڵام شکستی هێنا ( ١ سامۆئیل ١٨: ١٠- ١١) . هەروەها کوڕی داودی پادشا کە بە ئەبشالوم ناوزەد دەکرا لەگەڵ کۆمەڵێ لە نەوەی ئیسرائیل هەوڵی کوشتنی داودیان دا ، ئەوانیش هەروەها هەوڵەکەیان شکستی هێنا ( ٢ سامۆئیل ١٥: ١- ١٩: ٤٣). ئیدی داود نەکوژرا ! بەمەش بەڵێنی خودا بۆ هاتنی ڕزگارکار بەردەوام بوو !

**٥- ململانێ لە داود تا دەگاتە ئاحاز بەشێك بوو لە ململانێی نێوان شەیتان و مەسیح .**

لەماوەی نێوان سەدەی دەیەم و شەشەمی پ.ز ، خودا بەردەوام بوو لە بەڵێنی هاتنی ڕزگارکار ، مەسیای پادشا ، بۆ پاشایانی شانشینی یەهودا ( شانشینی باشور ). هەرجارەو پاشایەتی شانشینی باکور کە پێکهاتبوون لە حەوت هۆزو نیو هەڵدەستان بە هێرش کردنە سەر

شانشینی باشور كە ئەوان پێكهاتبوون لە دوو هۆزو نیو . هەموو جارێك وا دەردەكەوت كە شەیتان سەردەكەوێ بەهۆی پلانەكانی كە خۆی لە فەوتان و لەناوبردنی نەوەی" ژن " دەبینیەوە . بەڵام كتێبی پیرۆز فێرمان دەكات كە هیچ كەسێ ناتوانێ ڕێگری بكات لە پلانی خوداو پەكیبخات . بۆ وێنە ، ژنێكی خراپەكار ناوی عەتەلیا بوو كچی ئەحاڤ و ئیزابێل بوو كە پاشاو شاژنی پێشووی ئیسرائیل بوون .

هەروەها ئەم عەتەلیایە دایكی پاشای كۆچكردوو ئەحەزیا بوو ( ٢ پاشایان ٨ : ١٨، ٢٦- ٢٧). هەوڵیدا هەموو شازادەكانی نەوەی داود لەناوبەرێ چونكە دەیویست دەسەڵات تەنها بۆ خۆی بمێنێتەوە و خەڵكەكە بكاتە ژێردەستەو ڕكێفی خۆیەوە . تەگبیری كرد بە كوشتنی هەموو شازادەكان ! لێرەدا وا دەردەكەوێ كە شەیتان لە كۆتاییدا سەركەوتنی بەدەستهێنا لە پەكخستنی پلانی خودا بە هاتنی ڕزگاركار لە ڕێگەی لەناوبردنی نەوەی ژن . بەڵام جارێكی تر خودا ڕوداوەكانی گۆڕی و شەیتان شكستی هێنا ، ئەوەبوو یەكێك لە وەچەكانی ئەحاڤ كە ناوی یەهۆشەڤەع بوو هەستا بە ڕفاندنی یەكێك لە شازادەكان و شاردیەوە بۆ ساڵانێك دوور لە چاوی عەتەلیا . ئەو شازادەیەش یۆئاش بوو كە لە پەرستگادا مایەوە بە شاراوەیی تا ئەو كاتەی دەستنیشانكرا وەك پاشاو لەوكاتەشدا یەهویاداعی كاهین فەرمانی كرد بە كوشتنی عەتەلیا ( ٢ پاشایان ١١: ١- ٢١). ئەگەر عەتەلیا سەركەوتوو بایە لە كوشتنی هەموو نەوەكانی داود شەیتان سەردەكەوت و ڕزگاركاری چاوەڕوانكراو لەدایك نەدەبوو.

دوای ئەمانە و لەكاتێكی تردا شانشینی ئیسرائیل و شانشینی ئارام ( سوریەكان ) پلانیان داڕشت بۆ لەناوبردنی شانشینی یەهودا ( ٢ پاشایان ١٦: ٥). لێرەدا وا دەردەكەوت نەتەوەكانی دراوسێ گەلی خودا لەناو دەبەن ( ئەوانەی باوەڕیان بە خودای زیندوو هەیە ) وە شەیتان سەردەكەوێ . بەڵام ئیشایای پێغەمبەر بە ئاحازی پاشای وت " پەروەردگار خۆی نیشانەیەكتان دەداتێ ، ئەوەتا پاكیزەیەك سكی دەبێت و كوڕێكی دەبێت ، ناوی لێ دەنێت ئیمانوێل " ( ئیشایا ٧: ١- ١٤). ئیدی خودا بەڵێنیدا ئەگەر چی هەموو بارودۆخەكان و ڕوداوەكانی مێژوو سەخت بوون ، لەگەڵ ئەوەشدا كەس ناتوانێ ڕێگر بێت لە هاتنی ڕزگاركار بۆ جیهان . وە ئەم ڕزگاركارە ناوی لێ دەنرێ ئیمانوێل ئەوەی لەگەڵمانە ، واتە " خودا لەگەڵمانە " ( بڕوانە مەتتا ١: ٢٠- ٢٣). ئەوەبوو شانشینی ئیسرائیل و شانشینی ئارام شكستیان

هێنا لە زاڵ بوون بەسەر شانشینی یەهودا دا . بەمەش شەیتان توشی شکستێکی نوێ بوو . کتێبی پیرۆز فێرمان دەکات کە هیچ نەتەوەیەکی خراپەکار و سەرکردەیەکی خراپەکار ناتوانێ ڕێگر بێت لە جێبەجێکردنی پلانی خودا !

**<u>٦- ململانێ لە ئاحاز تا دەگاتە ئەستێر بەشێك بوو لە ململانێی نێوان شەیتان و مەسیح .</u>**

لە سەدەی پێنجەمی پ.ز ، جولەکە ( نەوەی شانشینی یەهودا ) لە سەرانسەری ئیمپراتۆریەتی ماد و فارس دەژیان . " هامان " ی خراپەکار ڕقی لە جولەکە بوو ( ئەستێر ٣: ٥- ٦) . وە بەهۆی ڕقی زۆری لە جولەکە هەوڵیدا پادشای فارسەکان ئەحشوێرۆش ڕازی بکات بە مۆرکردنی فەرمانێکی شاهانە ( ئەستێر ٣: ٨- ١٠ ) بۆ لەناو بردنی هەموو جولەکەکان لەسنوری ئیمپراتۆریەت و تەنها لەیەك ڕۆژدا . ئەوەبوو نامەبەرەکان نامەیان گەیاندە هەموو هەرێمەکانی شانشین و تیایدا فەرمان کرابوو بە لەناوبردن و ڕەشەکوژی و قڕکردنی هەموو جولەکەکان و تاڵانکردنی هەموو کەلوپەل و ماڵاتیان لە تەنها یەك ڕۆژدا ئەویش لە ڕۆژی سیازدەهەمی مانگی دوازدەهەم دا واتە مانگی مارس ( ئەستێر ٣: ١٣- ١٤). ئەگەر ئەم پلانەی هامان سەری بگرتایە سەرکەوتن بوو بۆ شەیتان ، وە پلانی خودا کە هاتنی ڕزگارکار بوو بەدی نەدەهات. بەڵام پاشا ئەحشوێرۆش فێڵەکەی بیستەوە لە زاری شاژنە ئەستێری جولەکەوە ، هاوکات پاشا فەرمانی کرد بە لەسێدارەدانی هامان ، وە فەرمانێکی شاهانەی دیکەی دەرکرد کە ڕێگە درا بە جولەکەکان بەرگری لە خۆیان بکەن لەکاتی هەر پەلامارێك و دەستدرێژیەك کە بکرێتە سەریان ( ئەستێر ٨: ٧- ١١). بەم شێوەیە خودا ڕێگری لەو کارەساتە کردو پلانی شەیتانی پوچەڵ کردەوە و ئەمجارەشیان هەر وەك جارەکانی پێشوو شەیتان بە دۆڕاوی و ڕیسوایی مایەوە .

٧- ململانێ لە ئەستێر تا دەگاتە بەیت لەحم بەشێك بوو لە ململانێی نێوان شەیتان و مەسیح .

لەو مێژووە دورودرێژەی ململانێی توندوتیژی نێوان شەیتان و مەسیح ، هەمیشە مەسیح سەرکەوتوو بوو! ئەم ململانێیەی نێوان

شەیتان و مەسیح بە درێژایی ماوەی پەیمانی کۆن وەك هێما لە بینیندا پێناسە کراوە (بینین١٢: ١- ٥ ) " ئەژدیهاکە لەبەردەم ئەو ژنەی کە منداڵەکەی دەبوو وەستابوو بۆ ئەوەی کە منداڵە لەدایك بوو بیخوات ! ژنەکە منداڵێکی نێرینەی بوو ، ئەوەی لە داهاتوو بە گۆپاڵێکی ئاسنین فەرمانڕەوایی نەتەوەکان دەکات . بەڵام منداڵەکەی بۆ لای خوداو تەختەکەی ڕفێندرا ". ژن لێرەدا هێمایە بۆ گەلی خودا لەماوەی پەیمانی کۆندا. ڕزگارکاری چاوەڕوانکراو لەنێو ئەم گەلەدا لەدایك دەبێت ( بڕوانە یۆحەنا ٤: ٢٢). بەڵام ئەژدیهاکە هێمایە بۆ شەیتان . وە منداڵە نێرینەکە هێمایە بۆ عیسای مەسیح . شەیتان بە درێژایی مێژووی پەیمانی کۆن هەوڵیدا کە ڕێگری بکات لەوەی ئەم ڕزگارکاری دەستنیشانکراوە لەدایك بێت ! بەڵام خودای توانادار سوور بوو لەسەرخستنی پلانەکەی خۆی و پلانی خوداش هەرگیز شکستناهێنێ ، هیچ کەس و شتێك ناتوانێ ڕێگر بێ لە خودای کتێبی پیرۆز لەبەرامبەر هاتنەدی و تەواوکردنی پلانەکانیدا ( ئیشایا ١٤: ٢٤، ٢٧)! وە لە کۆتاییدا کە کاتی ئەوە هات ڕزگارکاری جیهان لە بەیت لەحم لە دایك بێت ( میخا ٥: ٢)، شەیتان هەوڵی کۆتایی دا بۆ ڕێگریکردن لە ڕوودانی ئەو لەدایك بوونە . پاشای خراپەکاری ڕۆم هیرۆدس ترسا کاتێ ئەو هەواڵەی لە مۆغەکانەوە بیست کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتبوون بەوەی ڕزگارکاری جیهان و پاشای جولەکە لەدایك بوە . ئەو گومانی لەوە دەکرد کە ڕزگارکار ببێتە هەڕەشە لەسەر شانشینیەکەی زەوی . لەبەر ئەوە بڕیاری دا بە کوشتنی هەموو منداڵێکی نێرینەی تەمەن دوو ساڵ و خوارتر لە بەیت لەحم و دەوروبەری ( مەتتا ٢: ١- ١٨ ). جارێکی تر وا دەردەکەوت کە شەیتان سەرکەوتوو دەبێت. بەڵام خواستی هەمیشەیی خودا هەرگیز پوچەڵ ناکرێتەوە ! لە شەودا، فریشتەی یەزدان هاتە خەونی یوسف و پێی ووت هەستە منداڵەکەو دایکی ببەو ڕاکە بۆ میسر . یوسف ومریەم و عیسا لە میسر مانەوە تاکو مردنی هێرۆدس . وە کاتێ عیسای مەسیح خزمەتەکەی دەست پێکرد بۆ قوربانیدان لە پێناوی مرۆڤ و

ڕزگاری مرۆڤ لەسەر زەوی ، شەیتان جارێکی تر هەوڵی دا کە عیسا ملکەچ بکات بۆ مەرامەکانی لە ڕێگەی تاقیکردنەوەی بەهێزەوە . سەرەتا عیسای تاقیکردەوە بەوەی متمانە بە خودای باوك نەکات و خۆی سەربەخۆ بکات و جیا بێتەوە لە ئەو. هەروەها هەوڵیدا ئەو متمانەیەی کە هەیە لە نێوان عیساو خودای باوك لەناوبەرێت وای نیشاندا کە خودای باوك توانای دابین کردنی خۆراکی نیە ( مەتتا ٤: ١- ٤ ). پاشان هەوڵیدا متمانەی عیسا بە خودای باوك متمانەیەکی هەڵە بێت لە ڕێگەی بەڵێنێکی کتێبی پیرۆز کە شەیتان بۆ خواستی خۆی بەکاری هێنا و بەلاڕێدا بردی ( مەتتا ٤: ٥- ٧ ). دواجار شەیتان هەوڵیدا عیسا فریوبدات بەوەی هەموو شانشینەکانی جیهانی دەداتێ بەو مەرجەی کڕنوشی بۆ بەرێ و ڕێگەی بەرەو خاچ نەگرێتەبەر . بەم شێوەیە شەیتان هەوڵیدا عیسا فریو بدات بە شتە جیهانیە خێراکان لەبەرامبەر ملکەچ کردنی ( مەتتا ٤: ٨- ١١ ). بەڵام عیسای مەسیح بەسەر هەموو ئەم تاقیکردنەوانەدا زاڵ بوو وە ڕووی شەیتانی ئاشکراکرد کە درۆزنە ( یۆحەنا ٨: ٤٤ ).

مەسیح لە ڕێگەی کاری ڕزگاری لەسەر زەوی هەستا بە دەرکردنی شەیتان و ڕۆحە پیسەکان و ئەو کەسانەش کە لە ڕیزی شەیتان بوون ، بەمەش دەسەڵاتی خودای دامەزراند لەسەر زەوی ( مەتتا ١٢: ٢٨). مەسیح هات بۆ جیهان تا کارەکانی شەیتان پوچەڵ بکاتەوە ( یۆحەنا ٣: ٨ ). وە بە مردنی لەسەر خاچ شەیتان و ڕۆحە پیسەکانی چەککردوو سەرکەوت بەسەریاندا ( کۆلۆسی ٢: ١٥ ). وە بە هەستانەوەی و بەرزبونەوەی و دانیشتنی لەلای دەستە ڕاستی خودا لە ئاسمان ، مەسیح کاری کرد لەسەر دەرکردنی شەیتان لە پێگە باڵاکەی وەك سەرۆکی ئەم جیهانە . لەوکاتە بەدواوە ، مەسیح خەڵکی ڕادەکێشێ بۆ خۆی لە هەموو نەتەوەکان ( یۆحەنا ١٢: ٣١- ٣٢). وە لە ڕێگەی بانگەوازی ئینجیل خەڵکی ڕزگاریان بوو لە دەسەڵاتی تاریکی و گواسترانەوە بۆ شانشینی عیسای مەسیح ( کۆلۆسی ١: ١٣). بەم شێوەیە بەڵێنەکەی خودا لە (پەیدابوون ٣:

١٥) هاته دی . بەوەی کە عیسای مەسیح " نەوەی ژن " و " نەوەی ئیبراهیم " ( پەیدابوون ٢٢: ١٨ ؛ گەڵاتیە ٣: ١٦) سەری شەیتانی پانکردەوە! لە وەتەی هاتنی یەکەمی عیسای مەسیح بەدواوە ئیدی مەسیح بوە سەردار و دەسەڵاتدار بەسەر هەموو هێزو دەسەڵاتەکاندا لەسەر زەوی ( ئەفەسۆس ١: ٢٠- ٢٢)! وە لەوەتەی هاتنی یەکەمی بە دواوە هیچ کەس ناتوانێ مەسیح رابگرێ لە پەلکێشکردنی خەڵکی نەتەوەکان بۆ خۆی لەسەر زەوی !

**(ج) پێغەمبەران لە پەیمانی کۆن زۆر پێشبینیان ڕاگەیاند لەبارەی هاتنی ڕزگارکار وەك ئەمانەی خوارەوە :**

پێشبینیەکانی پەیمانی کۆن لەبارەی هاتنی ڕزگارکار لە پێشترین پێشبینی بوون کە هاتنە دی لە هەموو جیهان ! پێغەمبەران پێشبینیان کرد کە ئەو ڕزگارکارەی دێت مەزنترین پێغەمبەر ، وە مەزنترین سەرۆکی کاهینان ، وە مەزنترین پاشا دەبێت .

<u>١- لەسەرەتای مێژووی مرۆڤایەتی .</u>

پێشبینی کرا کە ئەو ڕزگارکارەی دێت لە ژنێك لەدایك دەبێت و سەری شەیتان پان دەکاتەوە ( پەیدابوون ٣: ١٥؛ لۆقا ٣: ٢٣،٣٧) .

<u>٢- دوای زیاتر لە ٢١٠٠ ساڵ پ.ز .</u>

خودا بەڵێنی دا بە ئیبراهیم کە ئەو ڕزگارکارەی دێت لە نەوەی ئیبراهیم دەبێت واتە ڕاستەوخۆ لە وەچەی ئەو دەبێت وە هەموو نەتەوەکانی جیهان بەهۆی ئەوەوە بەرەکەتدار دەبن ( پەیدابوون ١٢: ٣؛ ٢٢: ١٨؛ گەڵاتیە ٣: ١٦).

<u>٣- دوای زیاتر لە ١٤٠٠ ساڵ پ.ز.</u>

موسا پێشبینی کرد کە ئەو ڕزگارکارەی دێت مەزنترین پێغەمبەر دەبێت لەسەر ڕووی زەوی ژیابێت. وە ئەم ڕزگارکارە بە وشەکانی خودا دەدوێ. وە خوداش هەموان ڕادەسپێرێ کە گوێی لێ بگرن و ملکەچی بن ( وتەکان ١٨: ١٥- ١٨؛ کردار ٣: ٢١- ٢٥).

٤- دوای زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵ پ.ز.

داود پیشبینی کرد کە ئەو ڕزگارکارەی دێت مەزنترین سەرۆکی کاهینان دەبێت لەسەر ڕووی زەوی ژیابێت ( زەبوور ١١٠: ٤؛ عیبرانیەکان ٣: ١؛ ٤: ١٤- ١٥؛ ٧: ٢٢-٢٨ ). هەرچەندە خەڵکی سوکایەتی پێ دەکەن و ڕقیان لێی دەبێت و لەخاچی دەدەن و گرەو لەسەر پۆشاکەکەی دەکەن ( زەبوور ٢٢: ١- ١٨)، بەڵام ئەو خۆی دەکاتە قوربانی لە بری پاکبونەوەیان لە گوناهەو لە پێناویاندا دەمرێت ( ئیشایا ٥٣: ٦، ١٠).

٥- دوای زیاتر لە ٧٠٠ ساڵ پ.ز.

میخا پێشبینی کرد کە ئەو ڕزگارکارەی دێت لە بەیت لەحم لەدایك دەبێت ( میخا ٥: ٢؛ لۆقا ٢: ١١، ١٥). هەر وەك چۆن ئیشایای پێغەمبەر پێشبینی کرد کە ئەو بە خودا لەگەڵمانە ناو دەبرێت ( ئیشایا ٧: ١٤؛ مەتتا ١: ٢٠ -٢٣ ). هەروەها ئیشایا پیشبینی کرد کە ڕزگارکار لە خاچ دەدەرێ لە بری گوناهەی زۆرینەو بۆ ڕاستودروست کردنیان و چاکبونەوەیان ( ئیشایا ٥٣: ٥، ١١؛ ڕۆما ٤: ٢٥). هەروەها ئیشایا پێشبینی کرد کە ئەو ڕزگارکارەی دێت مەزنترین پاشا دەبێت لەسەر زەوی ژیابێت ، وە ئەو لە سروشتیدا دەبێتە یەك لەگەڵ خودای توانادار باوکی هەتاهەتایی ، وە پاشایەتیەکەی بێ کۆتایی دەبێت ( ئیشایا ٩: ٦- ٧؛ لۆقا ١: ٣٠- ٣٣)!

٦- دوای زیاتر لە ٤٠٠ ساڵ پ.ز.

مەلاخی پێشبینی کرد کە کەسێك پێش هاتنی ڕزگارکار دێت و ڕێگەکەی بۆ ڕێکدەخات ( مەلاخی ٣: ١؛ ٤: ٥- ٦). ئەو کەسەش یەحیای لەئاو هەڵکێشە ( مەتتا ١١: ١١- ١٤؛ ١٧: ١٠- ١٣).

**( د) ڕوداوەکانی دەروبەری کاتی لەدایکبوونی عیسای مەسیح**

١- بەرجەستەبوون: خودای هەتاهەتایی لە کەسایەتی عیسای مەسیحدا لە شێوەی مرۆڤ بەرجەستە بوو .

ژیانی عیسای مەسیح بە لەدایکبوونی لە بەیت لەحم دەستی پێنەکرد بەڵکو ئەو هەتاهەتاییەو لەگەڵ خودا بوو ؛ بەڵکو هەر خودا خۆیەتی ! ئەو سروشتی مرۆیی هەبوە هەر لەسەرەتاوە ( یۆحەنا ١: ١- ٥، ١٤- ١٨). لە کاتی گونجاودا عیسای خۆڕسك و سروشتی مرۆڤانە " بێ ئەوەی واز لە سروشت و خۆڕسکە خوداییەکەی بهێنێ " لە سەر زەوی لەدایك بوو وەك چۆن هەر مرۆڤێکی تر لە دایك دەبێت . لەو کاتە بە دواوە، مەسیح جگە لە خۆڕسکە خوداییەکەی خاوەنی خۆڕسکی مرۆڤانەش بوو . ئەو خودای تەواو و مرۆڤی تەواوە لە یەك کاتدا ( گەلاتیە ٤: ٤؛ فیلیپی ٢: ٥- ٨؛ کۆلۆسی ٢: ٩). کاتێك مەسیح لەسەر زەوی بوو ، خەڵکی بە چاوی خۆیان دەیانبینی کە گەشە دەکات و گەورە دەبێت ( لۆقا ٢: ٥٢). دەستیان لێدا و پەرجوەکانی و ژیانیان بینی کە خاڵی بوو لە گوناهە، گوێبیستی فێرکردنەکانی بوون و ئەزموندار بوون لە ڕزگاریەکەی ( ١ یۆحەنا ١: ١- ٣).

٢- ئاگادارکردنەوەی زەکەریا .

پێش لەدایك بوونی عیسای مەسیح ، فریشتەی یەزدانی بۆ دەرکەوت و پێی ڕاگەیاند هەرچەندە بەساڵاچووی بەڵام خودا کوڕێکتان پێ

دەبەخشێ. وە کوڕەکەتان ئەو کەسە دەبێ کە ڕێگە بۆ ئەو ڕزگارکارە ڕێکدەخات کە دێت . لەبەرئەوەی زەکەریا بڕوای بە قسەی فریشتەکە نەکرد ، خودا بەڵگەو نیشانەی پێدا : کە بێ دەنگ بێت و نەتوانێ قسە بکات تا ئەو کاتەی وشەکەی خودا دێتە دی ( لۆقا ١: ٥- ٢٥ ، ٥٧- ٧٩)! دوای ئەوەی وشەی خودا هاتە دی ، زەکەریا گۆرانی ستایشی بۆ ڕزگارکار وت کە دێت ، خودا پەیمانی پیرۆزی خۆی لە ڕێگەی ڕزگارکارمانەوە تەواو دەکات کە بەڵێنی بە ئیبراهیم دابوو ( لۆقا ١: ٧٢- ٧٣)! وە پەیمانی نیعمەتی خودا دەبێتە ڕاستیەك لە ژیانی هەموو نەتەوەکانی جیهان لە ڕێگەی عیسای مەسیحەوە .

٣- ئاگادارکردنەوەی مریەم .

پێش لەدایك بوونی عیسای مەسیح ، جوبرائیلی فریشتە بۆ مریەم دەرکەوت و ئاگاداری کردەوە کە ڕەزامەندی خودای بەدەستهێناوە ( لۆقا ١: ٢٦- ٥٦)، وە دەبێتە دایکی عیسا ( تەنها بە پێی سروشتی جەستە ) ! هەروەها بە پەرجوو سکی دەبێ لەڕێگەی ڕۆحی پیرۆزەوە . ئەو منداڵەی کە دەبێ ناودەبرێ بە " کوڕی خودا " ( لۆقا ١: ٣٥). تەنها ئەم شێوە لە دایك بوونە نەبوە هۆی ئەوەی کە عیسا خودا بێت بەڵکو لە ڕێگەی لەدایکبوونەکەیەوە خودای هەتاهەتایی سروشت و خۆڕسکی مرۆڤانەی وەرگرت بەبێ ئەوەی دەستبەرداری سروشتە خوداییەکەی بێت !

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە عیسا هەمیشە خودایە ، بەڵام ئێستا هەروەها سروشتی مرۆڤانەی هەیە . لەگەڵ ئەوەی ئەمە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا ڕوووینەداوە ، فریشتەکە ووتی هیچ شتێك لەلای خودا مەحاڵ نیە ( لۆقا ١: ٣٧). وە بە پێچەوانەی زەکەریای کاهین ، مەریەم دەستبەجێ بڕوای بە وشەی خودا کردو ملکەچ بوو بۆ پلانی خودا لە ژیانیدا .

## ٤- ئاگادارکردنەوەی یوسف .

پیش لەدایك بوونی عیسای مەسیح ، فریشتەی خودا بۆ یوسفی دەزگیرانی مەریەم دەرکەوت لە خەوندا وە پێی ڕاگەیاند کە دەزگیرانەکەی بە پەرجوی خودا سکی دەبێ . لەو سەردەمەدا دەزگیرانداری بە هاوسەرگیریەکی فەرمی و یاسایی دادەنرا . فریشتەکە بە یوسفی وت کە منداڵە ناوبنێت عیسا واتە ڕزگارکار چونکە گەلەکەی لە هەموو جیهاندا ڕزگار دەکات لە گوناهەکانیان. لەبەرئەوەی یوسف مەریەمی خۆش دەویست و بڕوای بە وشەکانی خودابوو ، مەریەمی جێ نەهێشت و نەچوە پاڵیشی تا ئەو کاتەی عیسا لەدایك بوو ( مەتا ١: ١٨- ٢٥). وە ئەو کاتەی مەریەم دووگیان بوو، یوسف و مەریەم لە ناسیرەوە چوون بۆ بەیت لەحم تاکو خۆیان ناونوس بکەن لە ئاماری ڕۆمەکان بۆ دانیشتوانی ناوچەکە. لەوێ ( واتە لە شاری بەیت لەحم ) عیسا لەدایك بوو ( لۆقا ٢: ١- ٧).

## ٥- ئاگادارکردنەوەی شوانەکان .

دوای لەدایك بوونی عیسای مەسیح ، فریشتەی خودا بۆ کۆمەڵێ شوان دەرکەوت و پێی ڕاگەیاندن ئەو ڕزگارکارە چاوەڕوانکراوەی بە درێژایی مێژوو چاوەڕوانی دەکرا لە بەیت لەحم لەدایك بوو ئەویش مەسیایە ( دەستنیشانکراو ) ! پاشان هەزاران فریشتە دەرکەوتن و ستایشی خودایان دەکرد بەم شێوەیە : شکۆ بۆ خودا لە بەرزایی ، لەسەر زەویش ئاشتی بۆ ئەوانەی جیی ڕەزامەندی ئەون . بۆیە هەر کەسێ پێشوازی بکات لەئەو بەرەکەتەی خودا ، لێوان لێو دەبێت لە ئاشتی خودا ! دوای ئەوەی شوانەکان چوونە دیدەنی

عیسای کۆرپە ئەوەی بینیان و بیستیان باسیان دەکرد بۆ هەر کەسێ کە چاویان پێ بکەوتایە . لە ڕۆژی هەشتەمی لە دایکبوونیدا عیسا خەتەنە کرا ( لۆقا ۲: ۸- ۲٤) لەبەرئەوەی " لە سایەی تەوراتدا لەدایك بوو" ( گەڵاتیە ٤: ٤).

## ٦- ئاگادارکردنەوەی شیمۆن .

دوای ئەو کاتە ، یوسف و مەریەم عیسایان برد بۆ پەرستگا لە ئۆرشەلیم و پێشکەشی یەزدانیان کرد ( لێڤیەکان۱۲: ۱-۸؛ دەرچوون ۱۳: ۲، ۱۲، ۱٥). ڕۆحی پیرۆز بۆ شیمۆنی ئاشکرا کرد کە ، بەر لە بینینی مەسیحی خوداوەند مردن نابینێ . وە کاتێ شیمۆن عیسای کۆرپەی بینی لە پەرستگا پێشبینی کرد کە عیسا دەبێتە ئەو ڕوناکیەی کە خودا بۆ هەموو نەتەوەکانی ڕادەگەیەنێ وە شکۆی خودا ڕادەگەیەنێ بۆ گەلی ئیسرائیل . هەروەها شیمۆن پێشبینی کرد کە عیسا باوەڕداران لە بێ باوەڕان جیادەکاتەوە لە ئیسرائیلدا ، وە خەڵکی دەبنە دوو بەرە ، بەرەیەکیان دەبنە دوژمنی عیساو بەرەکەی تر لەگەڵیدا دەبن ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەم عیسایە نهێنی دڵی هەموو مرۆڤێك ئاشکرا دەکات ( لۆقا ۲: ۲٥- ۳٥).

## ۷- ئاگادارکردنەوەی " مۆغەکان " داناکانی ڕۆژهەڵات .

لەو کاتەدا کە یوسف و مەریەم لە ماڵێکدا لە بەیت لەحم دەژیان . خودا ئەستێرەیەکی بەکارهێنا بۆ ڕێناسی کۆمەڵە مۆغەکە "داناکانی ڕۆژهەڵات" بەرەو شوێنی لەدایك بوونی مەسیای پاشا ڕزگارکاری جیهان . پێ دەچێ ئەو مۆغانە ئاگاداربووبن لە پێشبینیەکانی پەیمانی کۆن و لەو جولەکانەیان بیستبێ کە لە خاکی ئاوارەبووندا دەژیان لە

بابل ، لەژێر دەسەڵاتی مادوفارس . دوای ئەوەی عیسایان دۆزیەوە ، دیاری گرانبەهایان پێشکەش کرد و کڕنوشیان بۆ برد . ئەوان یەکەم کەس بوون کە کڕنوشیان بۆ عیسا برد . دواتر خودا لە خەوندا ئاگاداری کردنەوە کە هیچ شتێ بە پاشای خراپەکار هێرۆدس نەڵێن ، داناکان "مۆغەکان" بە ڕێگەیەکی تردا گەڕانەوە بەرەو زێدی خۆیان . بەڵام هێرۆدس و دەستوپێوەندەکانی لە ئۆرشەلیم شڵەژابوون سەبارەت بە هاتنی مەسیای پاشا . لە بری باوەڕهێنان پێی و کڕنوش بردن بۆی ، زۆرێك لە هەوڵدا بوون بۆ لەناوبردنی ( مەتا ٢: ١- ١٢).

## ٨- هەڵاتن بەرەو میسر و گەڕانەوە بۆ خاکی ئیسرائیل .

کاتێ هێرۆدسی پاشا زانی کە داناکان " مۆغەکان" ناگەڕێنەوە بۆلای و زانیاری نادەنێ لە دەستنیشانکردنی شوێنی مەسیای پاشا ، پلانێکی ڕاگەیاند بۆ لەناوبردنی عیسا بەوەی هەر منداڵێکی دوو ساڵ و ژێر تەمەنی دوو ساڵ بکوژرێ لە بەیت لەحم . بەڵام فریشەی یەزدان یوسفی ئاگادار کردەوە کە خێزانەکەی بەرێ و هەڵبێن بەرەو میسر . دوای مردنی هێرۆدسی پاشا ، فریشتەی یەزدان دووبارە دەرکەوتەوە بۆ یوسف و پێی ووت بگەڕێنەوە بۆ خاکی ئیسرائیل . بەم شێوەیە ، یوسف و مەریەم و عیسا گەڕانەوە بەڵام بۆ ناوچەی جەلیل چونکە دەترسان لە کوڕەکەی هێرۆدس کە پاشای نوێ بوو لە ئۆرشەلیم لە نزیکی بەیت لەحم لە یەهودا . ئیدی ناسیرەی ناوچەی جەلیل بوە شوێنی گەشەکردنی عیسا ( مەتا ٢: ١٣- ٢٣).

(هـ) گرنگی لەدایکبوونی عیسای مەسیح

١- عیسای مەسیح وەك مرۆڤێکی ئاسایی بینراو لەدایکبوو تاکو خودای نەبینراو ڕابگەیەنێ بۆ خەڵکی .

کاتێ ئینجیلی یۆحەنا ١: ١ ، ١٤ ، ١٨ دەخوێنینەوە دەبینین کە خودا سروشت و خۆڕسکێکی مرۆڤانەی وەرگرتوە لە ڕوخساری عیسای مەسیحدا و نیشتەجێ بوە لە نێوان خەڵکیدا تاکوخودامان پێ بناسێنێ . عیسا ووتی " ئەوەی منی ببینوە باوکی بینیوە " ( یۆحەنا ١٤: ٩). هەروەها کە نامەی کۆلۆسی ١: ١٥ دەخوێنینەوە دەبینین عیسای مەسیح وێنەی بینراوی خودای نەبینراوە.

باوەڕداران بە مەسیح لە جەژنی لەدایکبونی پیرۆزدا ئاهەنگ دەگێڕن چونکە جەژنی ڕوناکی خودایە ! عیسای مەسیح " تیشکی شکۆی خودایە " ( عیبرانیەکان ١: ٣).

٢- عیسای مەسیح لە نێو خەڵکیدا لەدایکبوو تاکو تۆبەکاران ڕزگاربکات لە گوناهەکانیان .

ئینجیلی یۆحەنا ٣: ١٦ : " چونکە خودا بەم جۆرە جیهانی خۆشویست، تەنانەت کوڕە تاقانەکەی بەخت کرد، تاکو هەر کەسێك باوەڕی پێ بهێنێت لەناو نەچێت، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی هەبێت ". هەروەها ١ یۆحەنا ٤: ١٠: " خۆشەویستی لەمەدایە : نەك ئێمە خودامان خۆشویست، بەڵکو ئەو خۆشی ویستین و کوڕەکەی بۆ کەفارەتی گوناهەکانمان نارد".

باوەڕداران بە مەسیح ئاهەنگ دەگێڕن لە جەژنی لەدایکبوونی پیرۆزدا چونکە جەژنی خۆشەویستی خودایە ! بەهۆی خوشەویستی قووڵی خودا بۆ ئێمە مەزنترین دیاری بەخشی بە جیهان : ئەو دیاریەش عیسای مەسیحە . کاتێ یۆحەنا لەبارەی " جیهان " ەوە دەدوێ لە یۆحەنا ٣: ١٦ ئەو ئاماژە بەو جیهانە دەکات کە خەڵکی دوور لە خودا تیایدا دەژی . دەرئەنجام ئەوان کۆیلەی گوناهەن و لە

ژێرباری لێپرسینەوەی خوداییدان ، وە پێویستیەکی زۆریان بە ڕزگاری هەیە . بە واتایەکی تر ، مەبەست لە ئەم جیهانی مرۆڤەیە بە بێ جیاوازکاری لە نیوان ڕەگەز و بنەچەو ڕەگەزنامە ! ئەو جیهانی مرۆڤەی کە بەردەوام جێی بایەخی خودایە. خودا عیسای مەسیحی بەخت کرد لە پێناوی ڕزگاری جیهان . بە دڵنیاییەوە هەر کەسێك باوەڕ بە عیسای مەسیح بهێنێ لەناوناچێت ، بەڵکو ژیانی هەتاهەتایی دەبێت !

٣- عیسای مەسیح وەك مرۆڤ لە نێو خەڵکیدا لەدایکبوو تاکو سەرکۆنەی ئەوانە بکات کە تۆبەناکەن .

ئینجیلی لۆقا ٢: ٣٤- ٣٥ دەخوێنینەوە " ئا ئەمە دانرا بۆ کەوتن و هەستانەوەی زۆرینە لەناو ئیسرائیل دا ، دەبێتە نیشانەیەك دژایەتی دەکرێت ... تاکو نیازی دڵی زۆرینە ئاشکرا بکات " .

بەم شێوەیە باوەڕداران بە مەسیح ئاهەنگ دەگێڕن لە جەژنی لەدایکبوونی پیرۆزدا چونکە ئەو خەڵکەکە لەیەکتر جیا دەکاتەوە . عیسای مەسیح وا دەکات زۆرێك هەستنەوە و زۆرێکیش بکەون . لەبەرئەوە ، هەموو خەڵکی لەبەردەم دوو بژاردە دەبن یان لەگەڵ عیسا بوون یان دژایەتی کردنی . وە بە پێی ئەوەی لە ئینجیلی مەتا ٢١: ٤٢- ٤٤ و نامەی یەکەمی پەترۆس ٢: ٦- ٨ دا هاتوە ، عیسای مەسیح دەبێتە "بەردی قولینچك" بۆ زۆرینە. ئەوانەی مەسیح ڕەتدەکەنەوە بێ گومان ساتمە دەکەن و دەکەون. ئەمەش بەو واتایە دێت کە ناکرێ هیچ کەسێ بێلایەن بمێنیتەوە سەبارەت بە هاتنی مەسیح بۆ جیهان ! وە ناکرێ هیچ کەسێ بێلایەن بێت سەبارەت بە پەیامی جەژنی لەدایکبوونی پیرۆزی !

| | |
|---|---|
| ٥ | **نوێژ ( ٨ خولەك ) نوێژێك ڕەنگدانەوەی وشەکانی خودا بێت** |

**به نۆره نوێژ بکەن** ، نوێژێکی کورت ئەوە دەربخات کە ئەمڕۆ فێربوون . یان کۆمەڵەکە بکە بە دوو یان سێ کۆمەڵ و نوێژێك بکەن ڕەنگدانەوەی ئەوە بێت کە ئەمڕۆ فێربوون .

| ٦ | **ئەرکی ماڵەوە** ( دوو خولەك ) بۆ **وانەی داهاتوو** |
|---|---|

**ڕابەری کۆمەڵەکە .** ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) فێرکردنی تایبەت بە جەژنی لەدایکبوونی پیرۆز ئەوەی ئاهەنگ دەگێڕین تیایدا بەبۆنەی لەدایکبوونی عیسای مەسیح .
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە ئینجیلی مەرقۆس ٤: ٢٠- ٧: ٣٧ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕاستی و دروستی : یەکەم نامەی پەترۆس ٢: ١١. ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . ئینجیلی یۆحەنا بخوێنەوە . لەوانەی داهاتوو بە خواستی خوداوەند ئینجیلی یۆحەنا باس دەکەین .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات ( زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە.